**خاوەنی ئیمتیاز**

**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**

**محەمەد قادر**

sardamm2003@yahoo.com


## خەبەر عاجیل

هەر ئەو پەیامنێرەی چەند مانگێک لەمەوبەرو هەشت نۆ عەدەد پێش ئێستا، خەبەرێکی عاجیلی بۆناردین سەبارەت بە ڕوتکردنەوەو داماڵینی دراوی عێراقی لەو هەموو سفرە چاوزەقانە، دیسانەوە جارێکی ترو لە خەبەرێکی عاجیلتردا دەفەرمێ: حکومەتی بەغداو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرلەنوێ خەریکن قەواڵە کۆنەکەی لابردنی سفرەکانی سەر دراوی عێراقی کاوێژ دەکەنەوە، بۆ زانیاری زیاتر تەکسیەک بگرن و تا پاشماوەی خەبەر عاجیل مەوەستن. ل۳۷




www.gep-media.com

E: gepgovar@yahoo.com

Tel: 0750 704 3082

**گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە**

ئەوەڵ ژمارە ۲۰۰٤/۱۰/۱ لە دەستمان دەرچوو

متمانەی ژمارە (۸٤) ی ۲۰۱۰/۱/۷ی

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە




127

ساڵی حەوتەم ۲۰۱۱/۸/۲٥

بەکاتی: تۆتتەرەقەی جەژن

کاریکاویتر



ل21

ئەوە کێیە خەوتووە؟



ل28

جاران وابوو، ئەی ئێستا؟


**دەستەی نووسەران**

حسن العانی

کەژاڵئیسماعیل

ڕێبوار ئدریس

نەجات حەمید

سالار حەسەن

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**

سەردار کێستەیی

serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**

ڕزگار فەقێ عەولا

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**

عەلی مەندەلاوی

خضیرالحمیری

سالمسەلیم

پەروەر

ئیسماعیلخەیات

سەردارکێستەیی

عەلی دەروێش

سۆران کوردپوور

ڕۆستەم زادە (نامۆ)

زێرەڤان ساڵح

سەرتیپ فەتاح

بابان

ئەحمەد مەندەلاوی

ئاراس باڵەتەیی

فەرەیدون هاوار

**بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی**

چیار ئەحمەد سالار

**ماڵپەڕ:**

ڕێباز نەجات

**دیزاین**

چیار ئەحمەد

دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**

هێمن نەجات

**نووسەرانی بەشداربوو**

بەختیار حەسەن

شوان غەمبار

مەنسوور دەروێش زادە

ڕفعەت کەرکووکی

دیار خورشید

کاروان فەتحی

بەرگی یەکەم: سود لە دیزاینی پیشنیازکراوی هونەرمەند (باسم رەسام) وەرگیراوە.

**بۆ بەشداری لە کرینی گەپ پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکەن**

۰٦٦۲٥٥۲۲۲٤ ۰٦٦۲٥٥۲۲۲٥

۰٦٦۲٥٥۲۲۲۳

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

**ناونیشان:**

**هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران**

نرخ: ٥۰۰ دینار ئەگەر فریای بکەویت

تیراژ: ٤۰۰۰ دانە

سەروتار



# بە مەزەندە

* بەمەزەندەی تاجرەکانی مناسەباتی دینی و دونیەوی، دوای ئەوەی بەبۆنەی رەمەزانەوە سیعری بەنزین لە هەستان و هەڵچوندایە.. لەوانەیە تاجرەکانی ئەو بوارە بەنزینیان لێ بووبێتە ئاو و وایانزانیبێت رۆژو بە بەنزین ئەشکێنرێت ...
* بە مەزەندەی دڵتەڕو بە زەوقەکانی ئەهلی سەفەروسیاحە پاش ئەوەی هەنێ کۆمپانیاو مۆمپانیا فێربوون بۆ ( سیاحەت ) خەڵکی دەبەنە وڵاتانی ئەم دەوروبەرە و لە نیوەی مەسروفاتی خۆیان پەشیمان ئەبنەوە، بۆیە کار وا بڕوات تازەترین نەوعی قاچاخچیەتی مۆدێرن لە سەرهەڵداندایە..
* بەمەزەندەی خەبیرەکانی هاوسەرگیری، دوای ئەوەی دائیرەی کاتب عەدلی شارەکان بووەتە زۆرانبازی پاڵپێوەنان و پاڵپێوەنراوەکانی مەعامەلەی سلفەی زەواج، پێشبینی دەکرێت زۆربەی پیاوانی داهاتوو نەزۆک دەربچن و لەو شەڕی پاڵ پاڵێنەدا بخەسێنرێن.
* بەمەزەندەی حەکیمەکانی بێ حیساب و بێ کیتاب، دوای ئەوەی هەر لاکۆڵانەو چەند عیادەیەکی دەرزی لێدانی تێدا قوت بووەتەوە، چاوەڕوان دەکرێت دەرزی بیرکردنەوەو دەرزی ناسینەوەو دەرزی بێتاقەتیش بێتە ئاراوە!
* بە مەزەندەی گەنجە قژچزیڵکە بژوکارەبا گرتووەکانی بواری لێخوڕینی سەیارەی بابەودایەی دزراوی لاکۆڵانەکان، دوایی ئەوەی شەوانی رەمەزان بە بیانۆی مسواگ کڕینەوە شەوانە تا سەعات ٤ ی بەرەبەیان فڕکوهۆڕیان دێ و نایەڵن کەس خەو بچێتە چاویەوە، مەزەندە دەکرێ ئیتر دوای رەمەزان لەسەر ئەم ئەتوارە دەق بگرن و ساڵ دوانزەی مانگ کۆڵانەکان قەرەباڵغ بکەن..

بە مەزەندە



# سیاسەت




## شاشەی TVیەکان

* لەشاشەی سەتەلایتی عادل موتەحیدە گۆرانی هەڤاڵ ئیبراهیمی نیشاندا، لەناوەڕاستی گۆرانیەکەدا بوو بە گۆرانیی (عوسمان عەلی)! زۆرتان لەسەرم نیە، ئەویش نەگەیشتە نیوە، بووبە دەپچەی عەرەبی! ئەگەر هەڵە نەبم وابزانم بەرنامەی لەتە گۆرانی داواکرابوو!.

* لەشاشەی زاگرۆس تیڤی و لەبەرنامەی قەڵات دا بەشداربویەک بەتەلەفۆن بەشداری کرد لە هەڵدانی چەند تۆپێکدا، تەنیا ٣ تۆپی مۆر کەوتە ناو سەبەتەکەوە، پێشکەشکار پرسی: چەند تۆپی مۆرکەوتە ناو سەبەتەکەوە بەشداربوەکە وتی: ٦ تۆپ، خوا پێم ناگرێت ئەو بەشدابووە وابزانم دۆست و ئەحباب بوو، بۆیە پیشکەشکارەکە ووتی: زۆر ڕاستە تۆ بویتە خاوەنی ٧٥ هەزار!

* لەشاشەی گەلی کوردستان و لەبەرنامەیەکی تەندروستی دا کابرایەک بەناوی باوکی شوان بەتەلەفۆن پەیوەندی کرد بەبەرنامەکەوە، بە دکتۆری پیشکەشکاری بەرنامەکەی گووت: ئێوارەباش باوکی شوان! ئیتر نازانم کامیان باوکی شوان بوون؟

* لەشاشەی کەناڵی ئاسمانی سپیدەداو لە هەواڵە وەرزشیەکاندا هەواڵ ووێنەی دوو یانەی ئۆرۆگوای پیشاندا، کەچی لەژێر نوسی ئەم هەواڵدا نووسرابوو: کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ داوا لە ئیدارەی یانەی ڕیاڵ مەدرید دەکات چیتر یاریزان نەکرێت، ئیتر نازانم ئەم وێنەیەو ئەم ژێر نوسە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبوو؟



## نامەیەك/ لە خۆپیشاندەرێكی هەرێمەوە
## بۆ/ خۆپیشاندەرانی لەندەن






سالار حەسەن

لە گەنجێکی زۆر بێتاقەتەوە
لە پەستی دەستی حکومەتەوە
لە خرە بەردی دەست و مشتەوە
لە کوتەک خواردوی دەورو پشتەوە
لە لاچاوێکی سورە سێوەوە
لە بۆڵەبۆڵی ژێری لێوەوە
نامە دەنێرم بە لۆری و بە تەن
بۆ هاوڵاتیانی شارەکەی لەندەن
ڕێزو ئایلاڤیوم بۆ هەر هەمووتان
یاخوا نەفەوتێ یەک تاڵە مووتان
بیستومە ئەڵێن بەزمە لای ئێوەش
گوایە نارازین هێشتا بەو شێوەش
ئاخر پێم بڵێن لەچیتان کەمە؟
وەک ئێمە خۆتان مەکەن بە گەمە
نزیکەی دوو مانگ ئێمەش وامانکرد
تایەمان سوتاند، ئای هەرامانکرد!
وتارم خوێندو وتارم چڕی
ئەوەندەم قیراند نانی خۆم بڕی
دەهاتم و دەچوم بەم قیتە قیتە
دوو مانگ نەڕاندم کەس نەیوت چیتە؟
لە هەمووی خۆشتر ئۆپۆزسیۆن بوو
تەنها منی بۆ تەلەفیزۆن بوو
بە قسەی خۆش و بە وەعد پێدان
دوایش بە پۆلیس دەیدام بەلێدان
دەمقیژاند بە گوێی هەموو دنیادا
وەک پوشکە دەچوو بە لوشکەی بادا
ئۆباماش هەر بەو پێستە تاریکە
هەڵوێستی نەبوو ئەو سەر باریکە
ئێوەش وازبێنن بێدەنگ دانیشن
کامتان وەکو من لات و بێئیشن؟
باقی وەسەلام با ئینگلتەرا
نەبێتە مەزەی بەردەرکی سەرا!!






## عەینەن یەك

### حزب لە ئەوروپا

١- خۆی و کادیرانی باجی ساڵانە دەدەن.
٢- لەدەرەوەی حکومەت کاری خۆی ئەکات.
٣- لە هەڵبژاردندا مەسرەف عایدی خۆیەتی.

٤- وەعدێک نایات کە پێی نەکرێ.
٥- لە هەر شارێکدا یەک بارەگای هەیە.
٦- گوێرایەڵی یاساکانی حکومەت و پەرلەمانە.
٧- پەیڕەو پرۆگرامیان لەیەک جیاوازە.

### حزب لە عێراق

١- لەسەر بودجەی حکومەت ئەلەوەڕێ
٢- کەڵبەی لەدەزگاکانی حکومەتدا هەسان ئەدات.
٣- پۆستەرو بانگەشەو وەحدەیان لەسەرگیرفانی وەزارەتی داراییە.
٤- وەعدی خۆش دەداو جێبەجێی ناکات.
٥- بارەگا ئەڵێی عەمودە هەر کۆڵانێک ٦ ی تیایە.
٦- حیساب بۆ حوکمەت و پەرلەمان ناکات.

٧- هەموویان فۆتۆکۆپی یەکترن.

سیاسەت



شعری بەرەڵا

# بەسەر هاتی ژیانی سەربازیم

دلێر محمود سابیر

ئەلقەی یەکەم

ئەی ڕیشەکەم!!
تا ئەم ساتەش
دانم بە خۆما گرتووە و
ناقیژێنم
با شعوورت نەڕوشێنم
زۆر لە سەر خۆم
بەڵام تووڕەم،،
زۆرم بۆ هات
بیمە چۆک و بت دوێنم
لە داخی تۆ خەستە خوێنم
چۆن بتوانم تۆ لە ڕیشە
وەک دڕکی پڕ لە لەعنەتی
لە گیانم دا هەڵ تەکێنم
دەرتان هێنم
ێێێێ
ئەی ڕیشەکەم
بە قوڕتا کەم
من تەمەنی جوانی خۆمم

لە دەست داوە
بە هۆی تۆوە
تەنها بۆ ئەوەی کە پێمان بووترێ پیاو
بە درۆوە!!
لە زوخاوی ئەم چەند ساڵەش
کە سوێم بۆوە
بڕیارم دا بت سوتێنم
قەلاچۆت کەم لەم ئەمڕۆوە
ێێێێ
چیمە لە ڕیش ؟؟
هێشتا سەرەتای تەمەنمە
بۆنی شیری خاوم لێ دێ
چرۆی جوانیم گوڵە گەنمە
من نە وەلی دێوانەم و
نە پیرە دڵ تەڕی خیام
نە گرتوومە ڕێگەی عەشق و
نە سۆفیم وشێخ و مەلام
نە دەروێشم

پەرێشانی زوڵفی سیام
ئەو ساتەی سەرت دەرهێنا
کافر بووم لە دین وەرگەڕام
کە یەکەم مووس
نیشتە سەر ڕووم
شەرمەزار بووم
تێر تێر گریام
ئەوسا هەستم کرد کە من جیام
جا ئەمڕۆ گەیشتە تینم
تاک و تەنیام
دەروونم زۆری لێ کردم
چارت کەم
بگەمە ئەنجام
یا سوتاندن !! یاخود ئیعدام
بەس خۆم و خۆت
دوور لە چاوی لووسکەو ناحەز
دەزگای ئیعلام
بزەی سەر لێو،،

غەمزەو تەعلیق
گاڵتە گەپ و فشەو جنێو
گوێم لێ بگرە ڕدێنم
کەمێ خەمت بۆ هەڵڕێژم
کە سەرزەنشتەو زووخاوە
لافاوێکی پڕ لە ڕقی
قوڵایی ناخی هەناوە
قوڵپ ئەدا
گوێم بۆ شل کە
هەرچەندە گوێت بۆ نەکراوە
ێێێێ
پێت بڵێم لە سەرەتاوە
تۆ نە خوریت بتکەمە ڕیس بۆ شەرواڵێ
نە فلچەیەک بۆ بۆیاخ و
هەر بۆ خۆفی خوا بەرماڵێ
نەگسکێکیش پیرێژن حەوشەت پێ ماێ
درێژ ئەبی